سێ بنچینەکان و بەڵگەکانیان

﴿ثلاثة الأصول وأدلتها﴾

نووسینی

شيخ الإسلام : محمد بن عبدالوهاب

وەرگێڕانی

باوکی حارث

www.salafikurd.com

==========================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

بزانە خوا ڕەحمت پێ بکا کە لە سەرمان پێویستە چوار باس فێر ببین :

یەکەم : زانست : ئەویش ناسینی خوایە ، وە ناسینی پێغەمبەرەکەیەتی صلی الله علیه وعلی اله وسلم ، وە ناسینی دینی ئیسلامە بە بەڵگە.

دووەم: کارکردن بەو زانستە.

سێهەم : بانگەوازکردن بۆ لای ئەو زانستە.

چوارەم : ئارام گرتن لەسەر ئازارکێشان لە پێناوی . بەڵگەش فەرموودەی خوای گەورەیە : ﴿وَالْعَصْرِ . إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ . إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾(العصر ١-٣) واتە : (سوێند بە کات و زەمەن . بە تەئکید هەموو مرۆڤێك لە خەسارەت مەندیە . ئیللا ئەوانە نەبن کە بڕوایان هێناوە =ئیمانێکی ڕاستیان هێناوەو هاوبەش بۆ خوا بڕیار نادەن= وە کردەوەی چاك ئەکەن وە فەرمان بە یەکتر ئەکەن و ئامۆژگاری یەکتر ئەکەن بە پیادە کردنی حەق و دەست گرتن پێی وە فەرمان بە یەکتر ئەکەن و ئامۆژگاری یەکتر ئەکەن بە ئارام گرتن =لە سەر هەر ناخۆشیەك بێتە سەریان=) .

پێشەوا شافعی – رحمه الله تعالی – دەفەرموێ : (ئەگەر خوا هیچ حوججەیەکی =بەڵگەیەکی= نەناردبا بۆ دروست کراوەکانی تەنها ئەو سورەتە=سورەتی العصر= ئەوە بەسیان بوو) ، وە بوخاری –رحمه الله تعالی– دەفەرموێ : (باب العلم قبل القول و العمل) واتە : باسی زانین پێش قسەو کردەوەیە ، بەڵگەش فەرموودەی خوای گەورەیە :﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ﴾(محمد ١٩) واتە: (بزانە کەتەنها خوا شایانی پەرستنە وە داوای لێخۆش بوون بکە بۆ گوناهەکانت) . =لەم ئایەتە=دەستی کردووە بە زانین پێش قسەو کردەوە. بزانە خوا ڕەحمت پێ بکا لەسەر هەموو موسڵمانێکی پیاو وە ژن پێویستە ئەو سێ باسە فێر ببێ و کاریان پێ بکا .

یەکەم : کە خوا دروستی کردووین وە ڕۆزی داوین وا وازی لێنەهێناوین و فەرامۆشی نەکردووین بەڵکو پێغەمبەرێکی بۆ ناردوین جا هەر کەسێك گوێ ڕایەڵی ئەو پێغەمبەرە صلی الله علیه واله وسلم بکا دەچێتە بەهەشت وە هەرکەسێ سەرپێچی فەرمانەکانی بکا دەچێتە ناو ئاگر. بەڵگەش فەرموودەی خوایە :﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَاهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولًا . فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلًا﴾(المزمل ١٥) واتە : (ئێمە پێغەمبەرێکمان بۆ ئێوە ڕەوانە کردووە کە شاهێدە بە سەرتانەوە هەر وەك پێغەمبەرێکمان نارد بۆ فیرعەون . جا فیرعەون سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرەکەی خوای کرد لە بەر ئەوە گرتمان گرتنێکی ئاوا بە سزایەکی توند و بە ئازار) .

دووەم :ئەوەیە کە خوا ڕازی نابێ کەس بکرێ بەهاوبەشی لە پەرستندا نەفریشتەی نزیکی خوا و نە پێغەمبەرێکی نێردراو ، بەڵگەش فەرموودەی خوایە :﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾(الجن ١٨) واتە : (وە هەموو مزگەوتەکان و شوێنی کڕنووش =سەجدە= بردن و ئەندامەکانی کڕنووش بردن بۆ خوایە جا داوا مەکەن لە گەڵ الله لە هیچ کەسی تر =نەکەن کەسێکی تر لە گەڵ الله بپەرستن=) .

سێهەم : بزانی کە کەسێك گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم بێ و تەنها خوا بپەرستێ بۆی دروست نیە دۆستایەتی و لاگیری ئەو کەسانە بکا کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه واله وسلم دەکەن ئەگەر نزیك ترین کەسیش بێ لێی ، بەلگەش فەرموودەی خوای بەرزە :﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (المجادلة ٢٢) واتە : (قەومێك =نەتەوەیەك و کۆمەڵێك و کەسێك= نادۆزیەوە کە بڕوایان هەبێ بە خواو بە ڕۆژی دوایی =لەگەڵ ئەوە= کەسانێکیان خۆش بوێ و خۆشەویستیان بۆیان هەبێ کە ئەو کەسانەش دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەن جا ئەگەر ئەو کەسانە باوکیان بن یان ڕۆڵەکانیان و منالەکانیان بن یان عەشیرتیان بن ئەوانە =کە بڕوایان وا بە هێزە ئەگەر باوك و منالْ و عەشیرەتیان دوژمنی خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وعلى اله وسلم بوون ئەوە خۆشیان ناوێن= خوا لە دڵیان ئیمانی نوسیوە =بڕواداری ڕاستەقینەن= وە یارمەتیان ئەدا =خوا= بە هێزێك لە لای خۆی وە ئەیان خاتە ناو چەند بەهەشتێکەوە کە لە ژێرەکەی چەندین ڕووبار ئەڕوات تیای ئەمێننەوە هەتا هەتایە بێ بڕانەوە و بێ مردن خوا لێیان ڕازی بووە وە ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون =لە پاداشت و نیعمەتەکانی کە پێی بەخشیون= ئەوانە کۆمەڵی خوان =ئیمان داری ڕاستەقینەن= ئاگاداریش بن کە هەر کۆمەڵی خوا ڕزگاریان ئەبێ =سەرکەوتوو ئەبن=) .

بزانە خوا بتخاتە سەر ڕێگای گوێڕایەڵی خۆی و بەردەوامت بکا کە حەنیفیەت دینی ئیبراهیم ئەوەیە : خوا بپەرستی بەتەنهایی و بە ئیخلاسی گوێ ڕایەڵی بکەی ، وە بەوە خوا فەرمانی کردووە بەهەموو خەڵك ، وە بۆ ئەمەش دروستی کردوون وەك دەفەرموێ : ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾(الذاريات. ٥٦) واتە : (وە دروستم نەکردوون جن و مرۆڤ تەنها بۆ ئەوەی من بپەرستن =بە تەنها=) . مانای يعبدون : تەنها من بپەرستن ، وە گەورەترین شت کە خوا فەرمانی پێ کردووە یەکتاپەرستیە : ئەویش بەیەك کردنی خوایە لەپەرستندا ، وە گەورە ترین شت کە خوا نەهی لێ کردووە هاوبەش دانانە (**الشرك**) : ئەویش بانگ کردن و داوا کردن لە یەکێکی ترە لەگەڵ خوادا بەلگەش فەرموودەی خوایە :﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا﴾ (النساء.٣٦) واتە : (وە تەنها خوا بپەرسن وە هیچ شتێك مەکەن بە هاوبەشی خوا) .

ئەگەر پێیان ووتی ئەو سێ بنچینانە کامەیە کە پێویستە لەسەر مرۆڤ بیان ناسێ؟ بڵێ : ناسینی بەندەیە بۆ پەروەردگاری و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی محمد صلى الله عليه وعلى اله وسلم. ئەگەر پێیان ووتی : پەروەردگارت کێ یە؟ بڵێ : پەروەردگارم (**الله**) یە کەمن و هەموو بوونەوەری بە بەخششی خۆی پەروەردە کردووە ، وە تەنها ئەو پەرستراومە هیچ پەرستراوێکم نیە جگە لەو ، بەلگەش فەرموودەی خوای بەرزە :﴿الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (الفاتحة ٢) واتە : (هەموو سوپاس و ستایشێك تەنها شایانە بەو خوایەی پەروەردگاری =خاوەنی وە دروست کەری وە بەڕێوەبەری وە پەرستراوی ڕاستەقینەی= هەموو جیهانیانە) . هەموو شتێك بێجگە لە خوا یەکێکە لەو بوونەوەرە منیش یەکێکم لەو بوونەوەرە ، ئەگەر پێ یان ووتی بەچی پەروەردگارت ناسیوە ؟ **بڵێ** : بە نیشانەکانی و دروست کراوەکانی ، لە نیشانەکانی شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ ، وە لە دروست کراوەکانی حەوت ئاسمانەکەو حەوت زەویەکە و ئەوەی تێیاندایەو ئەوەی لە بەینیان دایە ،

بەڵگەش فەرموودەی خوایە :﴿وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾(فصلت ٣٧) واتە :(وە لەنیشانەکانی =کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی تەنها خوا شایانی پەرستنەو بەڵگەن لەسەر پەروەردگارێتی الله و هێزو توانای بێ سنووری= شەوو ڕۆژ وە خۆرو مانگ نەکەن سەجدە =کڕنوش= بەرن بۆ خۆرو مانگ =ودروستکراوەکان بپەرستن= سەجدە =تەنها= بۆ ئەو خوایە بەرن کە دروستی کردوون =دروستکەری خۆرو مانگ و شەوو ڕۆژ و ئێوەشە= ئەگەر ڕاست ئەکەن لەوەی خوا پەرستن ئێوە =کافرەکان ئەیان ووت خوا ئەپەرستین بەڵام بۆیە ڕوو ئەکەینە خۆرو مانگ و قەبری وە بتی پیاو چاکان تا لە خوامان نزیك بکەنەوە بەڵام خوای بەرز بە درۆیان ئەخاتەوە ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن ڕوو بکەنە دروستکەری خۆرو مانگ وهەموو دروستکراوەکان تەنها ئەو بپەرستن تەنها لەو بپاڕێنەوەو داوای لێ بکەن ئەو پێویستی نیە بەوەی کەسێك بکەیتە واسیتە لە بەینی خۆت و ئەودا=) .

وە فەرموودەی خوای بەرز :﴿إِنَّ رَبَّكُمْ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾(الاعراف ٥٤) واتە : (پەروەردگاری ئێوە الله یە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە لە شەش ڕۆژدا پاشان بەرز بۆتەوە لە سەر عەرش =کە دروست کراوێکی زۆر گەورەیە لە دروست کراوەکانی خوا= شەوو ڕۆژ بە یەکتر دا ئەپۆشێ بە پەلە داوای یەکتر ئەکەن =بە پەلە بەدوای یەك ئەکەون و دێن بەسەر یەکا= وە خۆرو مانگیشی دروستك کردووە بەزەلیلی و مل کەچی بە فەرمانی خوا وە ئاگادار بن دروست کردن و فەرمان =ئەمر= هەر بۆ خوایە خاوەنی هەموو بەرەکەتێکەو پاکە ئەو الله یە کە دروست کەری هەموو جیهانیانە) .

وە **پەروەردگار** (الرب) پەرستراو (معبود)ە بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە:﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمْ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ. الَّذِي جَعَلَ لَكُمْ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنْزَلَ مِنْ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنْ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة ٢١-٢٢) واتە: (ئەی خەڵکینە=هەمووتان بێ جیاوازی زمان و ڕەنگ= تەنها پەروەردگاری =دروست کەری= خۆتان بپەرستن کە ئێوەی دروست کردووە وە ئەوانەی پێشی ئێوەشی دروست کردووە بەڵکو بگەنە پلەی تەقوا =پارێزراو بن لە سزای خوا= . =ئەو پەروەردگارە بپەرستن= ئەوەی کە ئەرزی بۆ کردوون بە ڕایەخ =فەرش لە ژێرتانەوە= وە لە ئاسمان ئاوی بۆ دابەزاندوون وە بەو ئاوە بەرو بومی جۆراو جۆری بۆ دەرخستوون بۆ ئەوەی ببێ بە ڕۆزی ئێوە جا بۆ ئەو خوایە هاوبەش و شەریك دانەنێن بەوەی کە دروست کراوەکان بێننە ڕیزی الله بەوەی وەك الله خۆشتان بوێن یان بیان پەرستن و دوعایان لێ بکەن) .

إبن كثير – رحمه الله تعالی – دەفەرموێ: دروست کەری ئەو شتانە شایانی پەرستنە . وە جۆرەکانی پەرستن کە خوا فەرمانی پێ کردووە وەك ئیسلام ، و ئیمان ، و ئیحسان ، وە هەر لە جۆرەکانی پەرستنە پاڕانەوە (**الدعاء**) و ترس (**الخوف**) تکاو ئومێد بوون (**الرجاء**) و پشت بەستن (**التوكل**) ئارەزوکردن (**الرغبة**) و(**الرهبة**)=ترس لەگەڵ هەوڵدان بۆ رزگاربوون لەو شتەی کە لێ ی دەترسی= وە (**خشوع**) ، و(**الخشية**)=بوونی ئەو پەڕی ترس لەگەڵ بەگەورە زانینی ئەو کەسەی لێ ی دەترسی=، و گەڕانەوە (**الإنابة**)، و یارمەتی خواستن (**الإستعانة**)، و پەنا پێ گرتن (**الاستعاذة**)، و هانا بۆ بردن و داوای فریاکەوتن

(**الاستغاثة**)، و سەربڕین (**الذبح**) – قوربانی کردن – ، و لە خۆگرتن (**النذر**)، وە غەیری وانەش لە جۆرەکانی پەرستن کە خوا فەرمانی پێ کردووە دەبێ هەمووی بۆ خوا بێ بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾(الجن ١٨) واتە : (وە شوێنی سەجدە بردن لە مزگەوتەکان و ئەندامەکانی لەش تەنها بۆ خوایە جا لە گەڵ خوا داوا لە هیچ کەسێکی تر مەکەن) .

هەر کەسێك جۆرێك لەو پەرستنانە بۆ غەیری خوا ئەنجام بدا ئەوا (مشرك) و (کافر) ە بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە:﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾(المؤمنون.١١٧) واتە : (وە هەرکەسێ داوا بکا لە گەڵ الله لە پەرستراوێکی تر ئەوە هیچ بەڵگەی نیە بۆ ئەمە وە حیسابیشی =ئەمە ترساندنە= لەلای پەروەردگاریەتی =لە ڕۆژی دوایی= بێگومان کافران دەربازیان نابێ و نەجاتیان نابێ =لە سزای خوا لە ئاگری جەهەننەم=).

وە لە فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم هاتووە: **(الدعاء مخ العبادة)** - تێبینی ئەو فەرموودەیە لاوازە ڕاستەکەی ئەمەیە **(الدعاء هو العبادة)** واتە : (دوعا کردن پەرستنە)– وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی پاڕانەوە (**دعاء**) پەرستنە فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿**وَقَالَ رَبُّكُمْ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ**﴾(غافر ٦٠) واتە : (وە پەروەردگارتان فەرموویەتی داوا لە من بکەن وەڵامتان ئەدەمەوە بێگومان ئەوانەی خۆ بەگەورە ئەزان لەوەی تەنها من بپەرستن و داوام لێبکەن ئەوە ئەچنە نێو جەهەننەمەوە بە سەرشۆڕی و ڕیسوایی و زەلیلی) .

وە بەڵگە لەسەر (**التوكل**) فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾(المائدة. ٢٣) واتە : (وە تەنها پشت بە خوا ببەستن و تەوەکولتان هەر بەو بێ ئەگەر ئێوە بڕوادارن) . وە دەفەرموێ :﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾(الطلاق.٣) واتە : (وە هەر کەسێ پشت یەستنی وە ئیعتیمادی تەنها لە سەر خوا بێ ئەوە خوای بەسە =بۆ ئەوەی یارمەتی بداو سەری بخا) .

وە بەڵگەی (**الرغبة**) و (**الرهبة**) و (**الخشوع**) فەرموودەی خوای بەرزە :﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ﴾(الأنبياء ٩٠) واتە : (ئەوان بە پەلە بوون و بە بە پەلە کاری خێریان ئەنجام ئەدا =نەك تەمبەڵی بکەن و لەکاتی خۆی دوای بخەن= وە داوایان لە ئێمە ئەکرد =لە خوا ئەپاڕانەوەو ئەیان پەرست= بە ئارەزوکردن =الرغبة= بۆ پاداشتەکانی خوا و بەهەشت وە بە ترسەوە لە سزای خوا =الرهبة: ترس لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لەو شتەی کە لێ ی دەترسی= وە بە ملکەچی =خشوع=).

وە بەڵگەی (**الخشية**) فەرموودەی خوای بەرزە :﴿فلا تخشوهم و اخشوني ﴾(البقرة ١٥٠) واتە : (وە لەوان مەترسن لە من بترسن بەتەنها =الخشية ترسە لە گەڵ زانین و ناسینی ئەوەی لێی ئەترسی کە چەندە بە توانایە=).

وە بەڵگەی (**الإنابة**) فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ﴾(الزمر. ٥٤) واتە : (وە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و ملکەچی بن بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی).

وە بەڵگەی (**الاستعانة**) فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿**إياكَ نَعبُد وإيّاك نستعين**﴾(الفاتحة. ٥) واتە : (وە =خوایە= تەنها تۆ ئەپەرستین وە تەنها داوای یارمەتی لە تۆ ئەکەین).

وه لەفەرمووده‌ی پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم هاتووه : (إذا استعنت فاستعن بالله) واته : (ئەگەر داوای یارمەتیت کرد ئەوه تەنها له خوا داوای یارمەتی بکه).

وه بەلگەی (**الإستعاذة**) فەرمووده‌ی خوایبەرزه: ﴿قُل أعوذُ بربِ الفلَقْ﴾(الفلق١) واته : (بڵێ پەنا ئەگرم به پەروەردگاری یەیانی =که دروست کەری بەیانیەو ئەهێنێ له پاشی شەو) وه ﴿قُلْ أعوذ برب الناس﴾(الناس. ١) واته : (بڵێ پەنا ئەگرم به پەروەردگاری خەڵك =که دروست کەری هەموو خەڵکه=) .

وه بەلگەی (**الإستغاثة**) فەرمووده‌ی خوای بەرزه: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ﴾(الأنفال. ٩) واته : ئەو کاتەی هوارتان له خوا ئەکرد له کاتی تەنگانەتان خوای عز وجل وەڵامی دانەوه به هاناتانەوه هات) .

وه بەلگەی (**الذبح**) فەرمووده‌ی خوای بەرزه: ﴿قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لاَ شَرِيكَ لَهُ ..﴾ (ألأنعام ١٦٢-١٦٣) واته : (بڵێ نوێژەکانم وه سەربڕینی ئاژەڵ و قوربانیم وه ژیانم هەمووی وه مردنم بۆ ئەو خوایەیه که پەروەردگاری =خاوەنی وه دروستکەری وه بەڕێوەبەری= هەموو جیهانه) . وه له سوننەتیش = له فەرمووده‌ی پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم= هاتووه: (**لعن الله من ذبح لغير الله**) واته : (خوا لەعنەتی کردووه له کەسێك بۆ غەیری خوا ئاژەڵ سەرببڕێ =قوربانی بۆ غەیری خوا بکا=) .

وه بەلگەی (**النذر**) فەرمووده‌ی خوای بەرزه :﴿ يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا﴾(الإنسان٧) واته : (=بەنده ڕاستەقینەکانی خوا که بەهەشت پاداشتیانه ئەوه سیفەتیانه= وەفایان هەیه بۆ ئەوەی له خۆیان ئەگرن له پوا پەرستی و چاکه وه ئەترسن لەو ڕۆژەی شەڕەکەی بەر بڵاوه) .

بنچینەی دووەم: ناسینی دینی ئیسلام بەبەلگه : ئەویش ملکەچ کردنه بۆ خوا به یەکتاپەرستی و ملکەچ کردن بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی ، وه خۆ بەری کردن له هاوبەش دانان (**الشرك**) و ئەو کەسانەی هاوبەش دادەنێن بۆ خوا ، ئەویش سێ پلەیه : ئیسلام و ئیمان و ئیحسان ، هەر پلەیەك پایەی خۆی هەیه :

پلەی یەکەم ئیسلام: پایەکانی ئیسلام پێنجن : شایەدی دان به لا إله إلا الله **محمد** رسول الله ، نوێژکردن ، زەکات دان ، بەرۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان ، سەردانی ماڵی خوا =حەج= ، بەلگەی شاهێدی دان فەرمووده‌ی خوای بەرزه : ﴿شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (آل عمران. ١٨) واته:(الله شایەتی داوه له سەر ئەوەی که هیچ پەرستراوێك نیه شایانی پەرستن بێ ئیللا الله نەبێ =پەرستراوی حەقه= وه فریشتەکان ئەو شاهێدیەیان داوه وه وه ئەهلی زانست =زانایان= ئەم شاهێدیەیان داوه که تەنها الله شایانی پەرستنەو غەیری ئەو پەرستراوی حەق نیه وه شاهێدیان داوه که الله داد پەروەر =عدل= ه له فەرمانەکانی و له نێو دروستکراوەکانی ستەم له کەس ناکا وه هیچ پەرستراوێك نیه حەق بێ تەنها ئەو خاوەنی عیززەت =دەسەڵاتی بێ سنور و توانای بێ سنوور که هەموو کەس بۆی ملکەچه= وه =حکیم=ه له فەرمانەکانی له کارەکانی هەموو شتێکی به حیکمەته) . وه ماناکەشی =مانای **لا اله الا الله**= : هیچ پەرستراوێك نیه به حەق تەنها (الله) ، (لا إله) دوورخستنەوەو نەهێشتنی هەموو ئەو شتانەی بێجگه له خوا دەپەرسترێ ، (إلا الله) جێگیر کردنی پەرستن (**العبادة**) بۆ خوا بەتەنیایی هاوبەشی نیه له پەرستندا هەروەك هاوبەشی نیه له مولکیدا ، وه تەفسیرەکەشی که ڕوونی دەکاتەوه ئەوەیه خوای گەوره دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاء مِّمَّا تَعْبُدُونَ . إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ . وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾(الزخرف ٢٦-٢٨) واته : (وه که ئیبراهیم به باوکی خۆی و قەومەکەی

خۆی ووت من بەریم لەوانەی ئێوە ئەیپەرستن =لە بتەکانتان= . تەنها لەوە نەبێ =من بەری نیم و ئەو ئەپەرستم تەنها= کە منی دروست کردووە لە هیچەوە منی هێناوەتە بوون وە هەر ئەویش هیدایەتم ئەدات ئەم خاتە سەر ڕێگای ڕاست . وە ئیبراهیم ئەمەی =ئەم کەلیمەی کە مانای لا الە الا اللە یە= بەجێ هێشت لە دوای خۆی بۆ نەوەکانیشی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە =بۆ لای ئەو حەقە نەخەڵەتێن بە پەرستنی غەیری خوا=) . وە فەرموودەی: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾(آل عمران ٦٤) واتە (بڵێ ئەی ئەهلی کتاب =جولەکەو دیانەکان= وەرن بۆ لای کەلیمەیەکی یەکسان لە بەنی ئێمەو ئێوە کە هیچ پەرستراوێ نەپەرستنین تەنها اللە نەبێ وە هیچ شتێ هاوبەشی بۆ دانەنێین =بەهیچ جۆرێك= وە با هەنێکمان هەندێکی ترمان نەکەین بە پەرستراوو پەروەردگار و بیپەرستین بێجگە لە اللە جا ئەگەر پشتیان کردە ئەمە =ڕازی نەبوون= پێیان بڵێن شاهێد بن کە ئێمە موسڵمانین =تەسمیلی فەرمانی اللە دەبین بەوەی تەنها ئەو ئەپەرستین هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نادەین).

وەبەڵگەی شاهیدی دان بە (**محمد رسول الله**) فەرمودەی خوای بەرزە: ﴿ لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ﴾(التوبة. ١٢٨) واتە : (ئێوە پێغەمبەرێکتان =نێردراویچکتان= بۆ هاتووە لە لایەن اللە وە کە ئەو پێغەمبەرە لە نەفسی خۆتانە =مرۆڤەو ئەیناسن کە ڕاستگۆیەو قەت خیانەتی نەکردووە ئەمینە= وە زۆر دلگران ئەبێ و پێی ناخۆشە کە شتێ ئازارتان بداو بتانخاتە ناخۆشی و تەنگی و نەنگی وە سوورە لەسەر خێرو چاکە و گەیاندنی ئەو دینە پاکە بۆ ئێوە وە بەرامبەی بڕواداران بە بەزەیی و نەرم و نیانە و میهرەبانە) .

وە مانای شاهیدی دان بە محمد رسول اللە =محمد صلی اللە علیە وعلی الە وسلم نێردراوە لە لایەن خوا= : گوێڕایەڵی کردنیەتی لەوەدا کە فەرمانی پێ کردووە وە بە ڕاست زانینیەتی لەوەدا کە هەواڵی پێ داوە و دوور کەوتنەوە و وازهێنانە لەوەی کە نەهی لێ کردووە و جلەوگیری کردووە ، وە خوا نەپەرستین تەنها بەو شەرعە نەبێ کە ئەو هێناویەتی

وە بەڵگەی نوێژکردن و زەکات دان و تەفسیری یەکتاپەرستی فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾(البينة. ٥) واتە : (وە ئەوان =جولەکەو دیان و موشریکەکان و هەموو خەڵك= فەرمانیان پێ نەکراوە تەنها بەوەی کە اللە بپەرستن بەتەنهایی و بە ئیخلاس و دڵسۆزی ملکەچی دین بن بە شێوەیەك کە پشت بخەنە هەموو دینێکی باتڵ و هەموو نا حەقیەك تەنها ڕوو بکەنە ئیسلام و پەرستنی اللە وە فەرمانیان پێکراوە نوێژیان بکەن =بە ڕێکی= وە زەکاتی ماڵیان بدەن وە ئەوە دینێکی ڕاست و دروست و بەهێزە) . وە بەڵگەی ڕۆژوو گرتن فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾(البقرة ١٨٣) واتە : (ئەی ئەو کەسانە بڕواتان هێناوە ڕۆژوو لە سەرتان فەرز بووەو =نوسراوە= هەر وەك لەسەر ئەوانەی پێشی ئێوە فەرز بوو =نوسرابوو= بەڵکو تەقوای خوا بکەن =بەوپلەیە بگەن خۆتان بپارێزن لە سزای خوا=) .

وە بەڵگەی حەج کردن فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾(آل عمران. ٩٧) واتە : (وە بۆ خوایە لەسەر خەڵکی =فەرز کراوە= سەردانی

ماڵی خوا بکەن =حەج بکەن= بۆ هەر کەسێ کە لەتوانایدایە =ڕێگاکە ببڕێو ئەو پارەیەی هەبێ پێی بچێ= وە هەر کەسێ کوفر بکا =بڕوای بە فەرزەکان نەبێ کە خوا دایناوە= ئەوە بێگەوان خوا بێ نیازە و دەوڵەمەندە پێویستی بە کەس نیە لە خەڵکی هەموو جیهانیان = پێویستی بە هیچ دروست کراوێك نیە=)

پلەی دووەم ئیمان : ئەویش حەفتاو ئەوەندە بەشەیە بەرزترین بەشی گوتنی **لا إله إلا الله** یە وە نزمترین بەشیان لادانی ئازارە لەسەر ڕێگا ، وە شەرم (**الحیاء**) بەشێکە لە ئیمان .

وە پایەکانی شەشەن : بڕوا بە خواو بە فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرەکانی و بە ڕۆژی دوایی و بڕوا بەقەدەر خێرو شەڕی.

وە بەڵگە لەسەر ئەو شەش پایە فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ﴾(البقرة.١٧٧) واتە : (چاکە تەنها ئەوە نیە کە ڕوو بکەیتە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوا =لە کاتی نوێژ= بەڵکو =بنچینەی هەموو= چاکە ئەوەیە کەسێ بڕوا بێنێ بە الله =بەوەی بەتەنها بیپەرستێ و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدات= وە بڕوا بێنێ بە ڕۆژی دوایی =کە حەقەو خوا لە پاش مردن هەمومان زیندوو ئەکاتەوە= وە بڕوا بێنێ بە فریشتەکانی خوا =کە بەندەی خوان لە رووناکب دروست بوون= وە بڕوا بێنێ بە کتابەکانی =کە خوا ڕەوانەی کردوون= وە بڕوا بێنێ بە پێغەمبەران =کە ڕاستگۆن لە لایەن خواوە هاتوون=) . وە بەڵگەی قەدەر فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾(القمر٤٩) واتە : (ئێمە شتێکمان دروست کردووە بە قدر=بەو شێوەیەی کە پێشتر نوسراوەتەوەو خوای بەرز ئەیزانێ نەك لە خۆیەوە دروست بووبێ بێ ئیزنی الله=) .

پلەی سێهەم : ئیحسان : ئەویش یەك پایەیە : خواپەرستی هەروەك دەیبینی ئەگەر تۆش نەیبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ. بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾(الشعراء ٢٢٠-٢١٧) واتە : (وە پشت ببەستەو ئیعتیمادت لەسەر ئەوخوایە بێ کە بە توانایەو زاڵە بەیەر هەموو دروستکراوەکان وە بە بەزیە بۆ بەندەکانی ئەو خوابە کە ئەتبینێ لەو کاتەی هەڵئەستی =نوێژ ئەکەی لە شەو بەتەنیای= وە ئەتبینێ لەو کاتەی لەناو خەڵکیشای بە کۆمەڵ نوێژ ئەکەن و سەجدە ئەبەن ئەو خوایە بیسەرە وە زانایە بە هەموو شتێك =نهێنیو ئاشکرابێ=) .

وە فەرموودەی: ﴿وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُو مِنْهُ مِن قُرْآنٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ﴾(یونس٦١) واتە : (وە تۆ لە هەر کارێکا بیت وە هەر کاتێ کە شتێ لە قورئان بخوێنیتەوە وە هیچ کردەوەیەك نیە بیکەن ئیللا ئێمە شاهێدین بە سەرتانەوە =ئاگادارین= کە ئەو کارە ئەکەن و ئەچنە ناویەوە ئەنجامی ئەدەن) . وە بەڵگەش لە سوننەت فەرموودەی (جبریل)ی بەناوبانگە لە =عمر= خوا لێی ڕازی بێ دەفەرموێ :(ڕۆژێکیان لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم دانیشتبووین ، لەپڕ پیاوێکمان لێ دەرکەوت ، جلی زۆر سپی بوو مووی زۆر ڕەش بوو نیشانەی سەفەری پێوە دیارنەبوو کەسیش لە ئێمە نەیدەناسی تاکو لای پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم دانیشت ، ئینجا ئەژنۆی نابە ئەژنۆی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەردوو ناو لەپی خستە سەر ڕانەکانی ، فەرمووی : ئەی موحەممەد صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەواڵم پێ بدە دەربارەی ئیسلام ؟ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ئیسلام ئەوەیە شایەدی بدەیت بە لا إله إلا الله محمد رسول الله و نوێژبکەیت =بەڕێکی= و زەکات بدەیت و ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانای چوونت هەبوو . فەرمووی ڕاست

دەکەی ، =عمر= دەڵێ : پێمان سەیر بوو پرسیاری لێ دەکات و دەشلێ ڕاست دەکەی ، فەرمووی : ئینجا هەواڵم پێ بدە دەربارەی ئیمان ؟ فەرمووی ئەوەیە بڕوا بێنی بە خواو بەفریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرەکانی و بەڕۆژی دوایی و باوەڕ بێنی بەقەدەر بەخێرو شەڕیەوە . فەرمووی ڕاست دەکەی ، فەرمووی ئینجا هەواڵم پێ بدە دەربارەی ئیحسان؟ فەرمووی : ئەوەیە کە خوا بپەرستیت وەك ئەوەی بیبینی ئەگەر نەشیبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ ، فەرمووی هەواڵم پێ بدە دەربارەی هاتنی قیامەت؟ فەرمووی : ئەوەی پرسیاری لێ دەکرێ زیاتر نازانێ لەوەی پرسیاردەکات . فەرمووی : دە هەواڵم پێ بدە دەربارەی نیشانەکانی ؟ فەرمووی : ئەوەیە ئافرەتی کۆیلە خاوەنداری خۆی ببێت ، وە ببینیت پێ پەتی و ڕووت و هەژارەکان و شوانی مەڕان خانوو بەرز بکەنەوە بەسەر یەك . ئینجا ڕۆیشت و ماوەیەکی زۆر مابنەوە ، فەرمووی : ئەی عومەر ئایا دەزانی کێ بوو پرسیارکەرەکە ؟ ووتم : خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن ، فەرمووی :ئەوەجوبریل بووهات بۆ لاتان بۆ ئەوەی ئەمری دینەکەتان فێربکات) رواه مسلم.

بنچینەی سێهەم: **ناسینی پێغەمبەرەکەتانە محمد** صلی الله علیە وعلی الە وسلم: ئـەویش محمدی کوری **عبد المطلب** کوری هاشم وە هـاشمیش لـە قورەیـشە وە قورەیـشیش لـە عەرەبـە وە عـەرەب لـە نـەوەی ئیـسماعیلی کـوڕی ئیبڕاهیمـی خـەلیلی خوایـە **علـیهم** و **علـی** نبینـا **أفـضل الـصلاة و الـسلام** ، وە پێغەمبەرمان صلی الله علیە وعلی الە وسلم شەست و سێ ساڵ تەمەنی بوو ، چلَ ساڵی پێش پێغەمبەرایـەتی و ، بیست و سێ ساڵیش پێغەمبەر و نێردراو بوو صلی الله علیە وعلی الە وسـلم . بـوو بـە پێغەمبـەر بـە (**إقـرأ**) و نێردرا بە (**المدثر**) =یانی بوو بـە نـبي بـە هاتنـە خـوارەوەی اقـرأ وە بـوو بـە رسـول بـە هاتنـە خـوارەوەی المدثر= وە شارەکەی مەککەیە ، وە کۆچی کرد بۆ مەدینە ، خوا ڕەوانەی کرد بـە ترسـێنەر لـە هاوبـەش دانـان وە بانگەوازی دەکرد بۆ لای یەکتاپەرستی =تەنها الله پەرستن= ، بەڵگەش فەرموودەی خـوای بـەرزە: ﴿يَاأَيُّهَـا الْمُدَّثِّرُ . قُمْ فَأَنذِر. وَرَبَّكَ فَكَبِّر. وَثِيَابَكَ فَطَهِّر. وَالرُّجْزَ فَاهْجُر. وَلَا تَمْنُنْ تَسْتَكْثِرُ . وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ﴾(المدثر. ١– ٧) وە مانای (قُمْ فَأَنذِر) خەڵك بترسێنی لە هاوبەش دانان و بانگەواز بکا بۆ یەکتاپەرستی (وَرَبَّـكَ فَكَبِّـر) یـانی بەگەورەی بگرە=پەروەردگارت= بە یەکتاپەرستی =بە تەنها پەرستنی ئەو= (وَثِيَابَكَ فَطَهِّر) یانی کردەوەکانـت پاك بکەوە لە هاوبەش دانان (وَالرُّجْزَ فَاهْجُر) الرجز: بتەکانـە وە (هجـر) یـان واتـە : وازلـێ هێنانیـان وە بـەری بوون لێیان و لەوانەی دەیانپەرستن . دەساڵ لە سـەر ئـەوە بـوو بانگـەوازی دەکـرد بـۆ یەکتاپەرسـتی دوای دە ساڵ بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان ، وە پێنج نوێژی لەسەر فەرز کرا ، وە سێ ساڵ لە مەککە نوێـژی کـرد =مەبەسـت پێنج نوێژە فەرزەکەیە ئەگینا پێشتریش هەر نوێژی کردووە= ، وە پاشان فەرمانی پـێ کـرا بـە کـۆچ کـردن بـۆ مەدینە .

وە کۆچ کردن (**الهجرة**) : گواستنەوەیە لەشاری (**شرك**) بۆ شاری ئیسلام ، وە کۆچ کـردن فـەرزە لەسـەر ئـەو ئوممەتە لەشاری شرك بۆ شاری ئیسلام ، وە ئەو فەرزە دەمێنێ تا قیامەت هەڵدەستێ. بەڵگەش ئەوەیە خـوای بەرز دەفەرموێت :﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَـصِيرًا . إِلَّـا الْمُسْتَـضْعَفِينَ مِـنْ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا . فَأُوْلَئِكَ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللَّـهُ عَفُوًّا غَفُورًا﴾(النساء ٩٧–٩٩) واتە : (بێگومان ئەوانەی کە فریشتەکان لە سەرە مەرگا روحیـان ئەکێـشن

و دێنە سەریان ئەوانیش ستەمیان لە خۆیان کردووە بەوەی =کۆچیان نەکردووە لە وڵاتی موشریکان بۆ وڵاتی موسڵمانان= فریشتەکان پێیان ئەڵێن ئێوە لە چ حاڵێك بوون =بۆ کۆچتان نەکرد= ئەڵێن ئێمە لاواز و بێهێزو چەوساوە بووین لە سەر زەوی فریشتەکان ئەڵێن ئەی باشە زەوی خوا پان و فراوان نەبوو بۆ ئەوەی بە ئاسانی کۆچی لە سەر بکەن و =بچنە ئەو شوێنەی کە دینەکەتان تیای سەلامەت بێ= ئەوانە جێگای مانەوەیان جەهەننەمە وە چارەنوسێکی خراپە =جەهەننەم= . ئیللا ئەو کەسانە نەبن =کە بەڕاستی= لاوازو چەوساوە بوون لەو پیاوو ئافرەتان و منداڵەکان کە نەیان ئەتوانی چارەیەك بدۆزنەوە وە نەیان ئەتوانی ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ دەرباز بوون . ئەوانە لەوانەیە=ئەکیدە= خوا لێیان خۆش ببێو بیان بوریٰ خوا لێبوردەیەو لە تاوان خۆش ئەبیٰ =بۆ هەرکەسێك بیەویٰ بەو مەرجەی کافرو موشریك نەبیٰ=) . وە فەرمووەدەی خوای بەرزە :﴿يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ﴾(العنكبوت ٥٦) واتە : (ئەی ئەو بەندانەی من کە بڕوایان هێناوە بێگومان زەوی من فراوانە جا هەر تەنها من بپەرستن =لە هەر شوێنێك نەتوانن تەها من بپەرستن ئەوە بڕۆنە شوێنێکی تر کە بتوانن من بە تەنها بپەرستن=).

بەغەوی – رحمه الله تعالى– فەرموویەتی : هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە لە بەر ئەو موسڵمانانە بوو کە لە مەککە بوون کۆچیان نەکردبوو خوا بانگیان دەکات بە ناوی ئیمان . وە بەڵگە لەسەر کۆچ کردن لە سوننەت فەرموودەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم : (**لاتنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة ، و لا تنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها**) واتە:(کۆچ کردن نابڕێتەوە تاکو تەوبە کردن دەبڕێتەوە ، تەوبە کردنیش نابڕێتەوە تاکو خۆر لە خۆرئاوایەوە هەڵدێت).

کاتێك کە جێگیر بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە مەدینە فەرمانی پیٰ کرا بە باقی شەریعەتی ئیسلام وەك زەکات و ڕۆژوو گرتن و حەج و جیهادو بانگ دان و فەرمان کردن بەچاکەو نەهی کردن لەخراپە ، وەغەیری وانەش لەشەرعەکانی =فەرمانەکانی= ئیسلام ، لەسەرئەوە دە ساڵی بەسەر برد پاشان وەفاتی کرد درودو سەلامی خوای لەسەربێت =صلى الله عليه وعلى اله وسلم= ، وەدینەکەی ماوەتەوە، ئەوە دینەکەیەتی هیچ خێرێك نیە ئیللا بە ئوممەتەکەی نیشانداوە ، وەهیچ شەڕێك نیە ئیللا ئوممەتەکەی لیٰ ئاگادار کردۆتەوە ، وەئەو خێرەی کەنیشانی داوە:یەکتاپەرستیەو هەموو ئەو شتانەی خوا خۆشی دەویٰ و پێی ڕازیە ، وەئەو شەڕەی ئاگاداری کردووینەوە لێی: هاوبەشی دانان و هەموو ئەو شتانەی خواپێی ناخۆشەو وەری ناگریٰ .

وەخوا ڕەوانەی کردووە بۆهەموو خەڵك ، وەخواگویٰ ڕایەڵی ئەوی فەرزکردووە لەسەر هەموو(**الثقلين**) جن ومرۆڤ بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾(ألاعراف ١٥٨) واتە : (بڵیٰ ئەی خەڵکینە من نێردراوو پێغەمبەری خوام بۆ هەمووتان =بیٰ جیاوازی=). وەخوای بەرز دینی پیٰ تەواو کرد بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە:﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ﴾ (المائدة٣) واتە : (وە ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواو کردوون وە نیعمەتی خۆم بەسەرتانا تەواو کرد =بەوەی دینەکەتان بە تەواوی پیٰ گەیشت= وە ڕزی بووم بەوەی =تەنها= ئەو ئیسلامە بکەن بەدینی خۆتان). وەبەڵگەش لەسەر مردنی صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموودەی خوای بەرزە :﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ . ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِنْدَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ﴾ (الزمر.٣٠–٣١) واتە : (وە بێگومان تۆ ئەمریت وە ئەوانیش ئەمرن . پاشان هەمووتان لای خوا لە ڕۆژی قیامەت کە زیندوو ئەکرێنەوە داوای ماڤی خۆتان ئەکەن لە یەکتری =ئەوەی ستەمی لێکراوە داوای ماڤی خۆی ئەکا وە ئەبێتە کێشەتان و خواش حوکم

ئەکا لە بەینتان ئەو ڕۆژە حەق دەر ئەکەوێ وە هەموو کەس مافی خۆی وەر ئەگرێ=). وەخەڵك ئەگەر مردن زیندوو دەکرێنەوە وەبەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى﴾ (طه. ٥٥) واتە : (لەو زەویە دروستمان کردون وە ئەتانگەڕێنینەوە بۆی وە هەر لەو زەویە جارێکی تر دەرتان ئەخەینەوە =زیندووتان ئەکەینەوە=) .وەفەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَاللَّهُ أَنْبَتَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ نَبَاتًا ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا﴾ (نوح. ١٧-١٨) واتە : (وە خوا ئێوەی لەو زەویە دەرخستووەو ڕواندوونی =لە زەوی دروستی کردوون= وە پاشان ئەتانگەڕێنێتەوە بۆی وە =لە ڕۆژی قیامەت= دووبارە لەو زەویە دەرتان ئەهێنێتەوە =زیندووتان ئەکتتەوە=) . وەپاش زیندووبونەوە حیسابیان لەگەڵدا دەکرێ و پاداشت و سزیان دەدرێتەوە لەسەر کردەوەکانیان ، بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە :﴿لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاءُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى﴾ (النجم. ٣١) واتە : (=وە خوا تاقیتان ئەکاتەوە= بۆ ئەوەی پاداشتی ئەوانە بداتەوە کە خراپەو تاوانیان کردووە لە کردەوەکانیان =بە گوێرەی کردەوە خراپەکانیان سزا وەربگرن= وە پاداشتی ئەوانەی چاکەیان کرد =چاکە کار بوون= بداتەوە بە چاکی =بەوەی بیانخاتە بەهەشت و لێیان ڕازی بێ=) . وەهەرکەسێك زیندوو بوونەوە بەدرۆ بخاتەوە ئەوە کافر بووە بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە :﴿زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنْ لَنْ يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾(التغابن٧) واتە : (ئەوانەی کوفریان کردووە =کافر بوون= وا گومان ئەبەن کە زیندوو نابنەوە پاش مردن بڵێ پێیان =بەڵکو= بەڵێ سوێند بە پەروەردگارم زیندوو ئەکرێنەوە وە هەواڵتان پێ ئەدرێ بەوەی کردووتانە وە ئەوە لە سەر خوا ئاسانە =هیچ شتێ لای خوا زەحمەت نیە=) . وە خوای بەرز هەموو پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە مژدەدەر و ترسێنەرن بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ﴾(النساء١٦٥) واتە : (وە پێغەمبەرانمان ڕەوانە کردووە مژدە دەرن وە ترسێنەرن بۆ ئەوەی خەڵك بەڵگەی نەمێنێ لە سەر خوا =بڵێن کەس پێی نووتوین کە نابێ هاوبەش دانێن= لە پاش ناردنی پێغەمبەران) . یەکەمیان=یەکەم رسول= (نوح) ە علیه السلام ، ئاخیریان =محمد=ە صلی الله علیه وعلی اله وسلم .

بەڵگەش لەسەر ئەوەی یەکەمیان (نوح)ە علیه السلام فەرموودەی خوای بەرزە : ﴿إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِنْ بَعْدِهِ﴾ (النساء ١٦٣) واتە : (ئێمە وەحیمان بۆ تۆ ناردووە هەر وەك وە حیمان ناردووە بۆ نوح وە پێغەمبەرانی دوای ئەو) . وە هەموو ئوممەتێك خوا پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردووە لە (نوح)ەوە تا (محمد) صلی الله علیه وعلی اله وسلم بۆ ئەوەی =بە خەڵکی ڕابگەیەنن و ئاگاداریان بکەنەوە= فەرمانیان پێ بکەن بە پەرستنی خوا بە تەنیایی و نەهیان لێ بکەن لە پەرستنی (**طاغوت**) بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾(النحل.٣٦) واتە:(وەبۆ هەموو ئوممەتێك پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووە کە پێیان ڕابگەیەنن و فەرمانیان پێ بکەن تەنها خوا بپەرستن و دوور کەونەوەو پشت بکەنە پەرستنی =طاغوت=) . وە خوا فەرزی کردووە لەسەر هەموو بەندەکان کوفر بە (**طاغوت**) بکەن و بروا تەنها بەخوا بێنن . (**ابن القیم**) -رحمه الله تعالی- دەفەرموێ : (**الطاغوت**) ئەوەیە کە بەندە لە سنووری خۆی دەرچێت لە پەرستراو یان گوێ ڕایەڵ کراو یان شوێن کەوتەبێ ، وە(**طاغوت**)ەکانیش زۆرن وە سەرەکانیان پێنجن : (ابلیس) لعنه الله وە هەرکەسێك بپەرسترێ و

ڕازی بێ پێی وە هەرکەسێك بانگی خەڵکی بکات بۆ ئەوەی بیپەرستن وە هەر کەسێك بانگەشەی ئەوە بکا کە زانیاری نادیار(علم الغیب) دەزانێ وە ئەو کەسەی حوکم بکا بە بێجگە لەوەی لە لای خوا دابەزیوە. وە بەڵگەش فەرمودەی خوای بەرزە :﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدْ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة ٢٥٦) واتە : (جا هەر کەسێ کوفر بە =طاغوت= بکات وە بڕوا بەخوا بێنێ ئەوە ئەو کاتە دەستی گرتووە بە دەست گرێکی بەهێز جیا بوونەوەی لێی نیە وە خواش بیسەرو زانایە) .

وە هاتووە لە فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم : (رأس الامر الإسلام و عموده الصلاة ، وذروة سنامه الجهاد في سبيل الله) واتە :(سەری هەموو شتێك =ئەمرێك= ئیسلامە وە كۆڵەكەی نوێژە ، وە بەرزترین لوتكەی جیهادە لە پێناوی خوا) والله أعلم .

و صلى الله على محمد و آله و صحبه و سلم.

==============================